# عەرەب دیموکراتی و ئازادی لێدەبارێت!!

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

ماوەی زیاتر لە سی ساڵە هەر کاتێ خەڵك ویستبێتیان گوێ بۆ دەنگوباسە سیاسییەکانی دنیا ڕاگرن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە گوێبیستی هەواڵێك لە بارەی کێشەی **ئیسرائیل** و **فەلەستین**ەوە بوون !! سەرچاوەی هەواڵەکانیش زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکانی لایەنگری فەلەستینییەکان بوون !!




کە زیاد لە پێویست و لە کێشی خۆی گەورەیان کردووە. لە درێژ ماوەدا هێندەیان لەو بارەیەوە ڕستووە، شوبهە جێگیریان کردووە ! هەر جۆرە مخالەفەتێکیش لەبەرانبەر ئەو کێشەیە بە کفر و سیخوری لەقەلەم دراوە، زۆر جار زیندان و دوور خستنەوەی بەدوادا هاتووە !
دەوڵەتانی عەرەبی ئەو کێشەیەیان وەك چەکێکی کاریگەر بۆ سەرکوتی نەیارانی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و محافەزەکاریان بەکار هێناوە !
ئەو کێشەیە هێندە دراوە بە گوێی خەڵکیدا هەر کە هەواڵەکان دەگاتە سەر فەلەستینییەکان، ناچار دەبێت میلی ڕادوێکە بیگۆڕێت و بچێتە سەر کەناڵێکی دی، چوونکە سواوی کێشەکە گەیشتۆتە ئاستێ وەرستی و دەرخ بوونی لای گوێگر بەرهەمهێناوە..
ئەو بێزارییە لایەنێکی تری هەیە ئەویش عەرەبە فەلەستینییەکان ئەوەی دوژمنی سەرەکی کوردە و ئەوەی مرۆڤ پیی ناخۆش بێت کردوویانە ! ئەوان لەبەرامبەر ئەو بەربەریەتەی عەرەبە ئیراقییەکان دەرهەق کوردی کوردستانی باشوور ئەنجامیانداوە، فزەیان لێوە نەهاتووە خۆ گەر یەکێکیان لە دەمی دەرچووبێت شتێکی ووتبێت دوای پەشیمان بۆتەوە !!
گریمان ئەوانە هەموو قەیناکات، بەڵام بکوژی و تاوانباری ئەسلی کورد لەلای ئەوان قارەمانی نەتەوایەتییە و لەهەر ماڵێکی فەلەستینی و لەهەر خۆپیشاندانێکیاندا وێنەیەکی پۆرتریتی **سەدام حسێن**یان هەڵواسیوە و بەرز کردۆتەوە!
ئەمە لە کاتێکدا کورد هەرگیز وەك فەلەستینیەکان نەچوون کوێرانە دەست لە عەرەبە سڤیلەکان ناو ئیراق یان ناوچە کوردییە تەعریب کراوەکان = کەرکوك،خانەقین،..... = بوەشێنن، خۆ گەر

©KurdistanNet

کورد فەلەستینیئاسا کار تیرۆریستی وەك ئەوەی ئێستا ڕۆژانە لە ئیسرائیلدا ئەنجامی دەدەن کە دەبێتە مایەی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سڤیلی ئیسرائیلی، **عەرەبە ئێراقی**یەکان نەك کیمیاوی بەڵکوو بە بۆمبی ئەتۆمی تەفروتووناى کوردیان دەکرد !!؟

لەسەر کەسایەتی ئەو میللەتە، خراپ نابێت چەند فاکتێك لەسەر زاری خۆیانەوە بهێنینەوە، **ئیبن خەلەلەدون**، دەڵێ:

.... عەرەب نەتەوەیەکی دڕندەن و دەستیان بەهەر کوێیەك بگات وێرانی دەکەن... ئەوانە میللەتێکن ڕزق و ڕۆزیان بەنوکی شمشێرەکانیانەوەیە... کەسانێکی ئیش نەکەرن و قووت و پارووی دەستی خەڵکانی تر دەفرێنن...

هەروەها لە کتێبی قورئاندا هاتووە:

.... الاعراب اشد و کفرا و نفاقا...

یان تەماشای لۆجیکی ئێستای عەرەب بە گشتی لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە بکەن، هاوتەریبە لەگەڵ **ئوسامە بن لادن**دا کە فتوای مەرگی هەموو ئەمەریکاییەك و ئیسرائیلیەکی دەرکردووە !

ئەگەر بەم شێوەیە وەسفی خۆیان بکەن، ئەو مەعدەنە بن، ئەوە کار و کردەوەیان بێت !؟ خەتای کەس نییە ! ئەوان بڵێن چی کوردی خۆی دوژمن نەناسە، تاوانی لەملی خۆیەتی کە هێندە سافەدڵە ! **سەرکردایەتی سیاسی کورد لە کوردستانی باشوور** PUKو KDP بەتەما بێت پێکەوەژیان و دیموکراتی لەوان داوا بکات !! یان بەسەریاندا بسەپێنێت یان.... !!

ئاسنی سارد کوتاندنە، وەهمێکی درێو و گێلانە...

02.4.1

©Kurdistan Net